**ئاسۆ بیارەیی**
**2005-8-30 سوید**

# مافێکی وون لە دەستورێکی گەوجدا



سەرۆکی کوردستان ، مەسعود بەرزانی دەڵێت:-
عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانە بە واتای دیاریکردنی چارەنووس دێت(سایتی پەیامنێر2005/8/29).

دەسی دەسی کردنی نەتەوی سەردەستی عەرەب بە مافی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری عێراق، ئەگەر جاران لە بەهێزییوە بووبێ، ئەمجارە لە بەر نەزانی و نەوێرانی سەرکردایەتی کوردەوە بووە. ئەگەر کەمێ بەووردی لەو ووتەیەی سەرۆکی کوردستانی باشوور بکۆڵینەوە، دەتوانین بێهودەیی و بێ بڕوایی لە ناو ووشەکانیدا بخوێنینەوە. ئەگەر بە بۆچونی ئەو(سەرۆک)، وڵاتی عێراق, عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندانەبێت، باشە بۆ سنووری کوردستان لە دەستوردا دیارنییە؟ ئەی نابیت بۆ ئایندەیەکی دووریش. ئەو سنووره بزانرێت تا نەوەکانی دواڕۆژ دووچاری هەمان کێشە لەگەڵ داگیرکەراندا نەبنەوە!
ئەگەر عێراق وڵاتیکی ئارەزوومەندانەیە، بۆچی ئەوەندە باسی یەکیەتی و سەلامەتی ئەو خاکە دەکرێت کە بەبێ پرسیاری ئەو گەلانەی کە تێیدادەژین پێکهێنراوە. عەرەبی داگیرکەر کەئەمڕۆ لە ناو مزگەوت و هەزارەها ڕێکخراوی بەعسی و ئیسلامید اخۆی حەشارداوە، بەیانیەکی نیزیک، کە بەهێزبوو، سەدبارە ئەنفال بەکورد دەکاتەوە.
کامەیە ئەو گەرەنتیانە کە سەرۆک دەیدات بەگەلی کوردستانی باشوور تاکو کارەساتەکان ڕوونەدەنەوە؟

سەرۆک نایەوێت بە ڕاشکاوی بە گەلی کوردستانی باشوور بڵێت: لە لامەرکەزیەکەی جاران و دووسەعاتی تەلەڤیزیۆنە کوردیەکەی کەرکوک، کە نیوەی تورکمانی و وێنەی سەدام بوو، داگیرکەران هیچی ترمان پێ ڕەوانابینن.

باشە سەرۆک، بۆ وەرگرتنی مافی گەلی کورد چوو بۆ پایتەختی داگیرکەران یان بۆ ناوبژی خێڵی داگیرکەران(شیعەوسننە)، کە لەوپەڕی لاوازیدان و هێشتا بە کورد ڕەوا نابینن وەکو مرۆڤێک لە سەرخاکی خۆی بژی؟؟؟؟؟ هەروەها بەڕێزیان گوتی: رۆلی ئێمە زیاتر لە یەك نزیككردنەوەی شیعە و سوننەدا بوو، (سایتی پەیامنێر2005/8/29).

کردنی ئاینی ئیسلام بە سەرچاوەی داڕشتنی یاساکان و لانەدان لەو ئاینە، نەک تەنها پێچانەوەی ژنانی کوردستانە لە تاریکایی چادرو سەرپۆشدا، بەڵکو خنکاندن و درێژەپێدانی تەعریب و ئەنفالکردنەوەی گەلی کوردستانە بەشێوەیەکی تر. بەڵکو زەوتکردنی مافی تاکەکەسی کوردە و شێواندنی سترکتوری(پێکهاتەی) کۆمەڵگەی کوردییە و بەستنەوەی بۆ هەتا هەتایە بە نەتەوەی عەرەبەوە کە هێشتا بانگەوازی فتوحات دەکات.

سەرۆک خۆی باش ئاگاداری ئەنجامی ڕفراندۆم و داخوازیەکانی کوردستانی باشوورە کە سەربەخۆیی کوردستانیان دەوێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دیسان بانگەشی گەلی کورد دەکات، کەبۆ ئەم دەستورە گەوجە دەنگیان بدەن و بڵێن بەڵێ بۆ لامەرکەزی دوو ئێمارەتەکەی بادینان و سۆران.